کرێکارانی جیهان یەکگرن !

ئورگانی کۆمیتەی کوردستانی ڕێکخراوی یەکیەتی فیدائیانی کۆمۆنیست

May,22th,2002

دەورەی تازە    ژمارە ٥    یەکشەممە ١٣٨١/٣/١

## ٣٠ جۆر زەردانی ساڵی ١٣٦٠, و هێرشی بەربلاوی دەسەلاتی سەرکوتگەر بۆ سەر دەسکەوتەکانی شۆرش

ئەگەر دەسکەوتەکانی راپەرینی رێبەندانی ٥٧، دامەزران وگەشەسەندنی بنیاتەکانی دیموکراتی خەلّکی، کەش وهوای بەگشتی سیاسی کۆمەلّگا وچالاکی ئاشکرا ونیوە ئاشکرای رێکخراوە سیاسیەکان، پێك هاتنی رێکخستنەکانی کرێکاری بەشەکانی جۆراو جۆری بەرهەم هێنان وشووراکانی زەحمەتکێشان لە شار و لادیٚ بوو، وبە بوونی ئەم دەسکەوتانە پر لە بایەخە کە ساڵە های ساڵ کرێکاران و زەحمەتکێشان وکۆمەلاٚنی خەلّك لە بوونیان بیٚ بەهرەبوون، ماوەێك بوو کە سەرەرای زەبری کوشندە کە لە رەوتی راپەرینی رێبەندانی ٥٧ بەسەر دەزگای سەرکوتی دەولّەتی درابوو وتوانای رێکخستنی سەر لە نویٚ لیٚ ئەستاندە بوو. کۆمەلاٚنی خەلّك توانیان بەمەبەستی وەدی هاتنی داخوازیە کانیان دەست بدەنە جوولانەوەی دیموکراتیك ولە سەنگەری شووراکان دژی پەیۆەندی و ریٚ ورەسمەکانی کۆن وچەوسینەرانە خەبات بکەن.

لە بزووتنەوە کانی جووتیاری ودابەش کردنی زەویەکان تا راپەرینی دیموٚکراتیکی کۆمەلانی خەلّکی ژێردەستە بەمەبەستی بەدەست هێنانی مافی دیاریکرانی چارەنووسیان، هەموو لە ژێرکاریگەری شووراکان ودەسکەوتەکانی ٥٧ بوو. گەشەسەندنی خیرّای پەیۆەندی وریٚ ورەسمەکانی سەرمایە دارانە وقوول تر بوونی نێوانی چینایەتی و توند بوونی خەباتی چینایەتی بووە هویٚ ئەوەی کە ریزەکانی ناوکۆمەلّگا دیاری بکری و بەشێکی لە هێزەکانی ناوەراست لە بەر بەرژەوەندی وقازانجی چینایەتی لەم گیرودارە هەلّویستیان روون بکە نەوە.

بۆرژوازی تۆجاری کۆن بەکۆ کردنی هێزەکانی ناوخۆ و دەرەوەی حکومەت کە قازانجی خۆیان لە گێروی لایەنگری لەم چینە دەبینی و بە دروشمەکانی فریوکارانە و زەینی گەرایانە و بۆ بەربەرەکانی لە گەلّ دروشمی کۆمەلانی راپەریو و داخوازیەکانیان، هەموو جوولانەوەکانی دیموٚکراتیك وبنیات و رێکخراوەکانی شۆرشگێرو خەلّکی بە بیانوکی پەیۆەندی بەکوفر وجیاوازی خستن و شەیتانی گەورە وبەکرێگیراوی بێگانە ئامانجی هیرشی خۆی بکات ، لە داخستنی بلاٚوکراوەکان وهێرش بۆ سەر دامەزراوە دیمۆکراتیکەکان و گرتنی نووسەران تاکو لێدان وتیروری ئەندامەکانی چالاکی سیاسی وهێرش بۆ زانکوٚەکان و سەرکوتی خویناوی تورکمن سەحرا وکوردستان هەموو نیشانەێك لە هەول وتەقەلا بۆ مانەوەی سیستەمی داسەپا ولە لایەن هێزی دژی شۆرش وهێزی بەرگری خەلّکی بوو کە تیٚ دەکوشا تاکو دەسکەوتەکانی راپەرین لە هێرشی هێزی دژی دژی شۆرش بپارێزیٚ.دژایەتی وشەرێك کە لە راپەرینی ٥٧ دەستی پیٚ کردە بوو دەبۆایە لە خالێکدا بە بەرزترین لوتکەی خۆی بگەیشتە با ودەسەلاٚتی دژی شۆرشی داسەپاو بە لە بەرچاوگرتنی هەل و مەرجی سیاسی، کۆمەلاٚیەتی وقەێرانەکانی قوولی ئابووری سەرەرای هەموو هەولّەکانی سەرکوتگرانەی توانای سەرکوتی یەکجاری راپەرین ودەسکەوتەکانی ئەوی نەبوو ولە بەرەی بەرانبەری ئەو کۆمەلاٚنی خەلّکی ژێر دەستە بەکەلّك وەرگرتن لە ئەزموونەکانی راپەرینی ٥٧ تیٚ کۆشانیان دەکرد بۆ دیفاع، رێکخستن وهێرشی تر.

دەسەلاٚتی دژی شۆرشی داسەپاویش بە دروٚشمی ناردنی شۆرشی ئیسلامی وبەمەبەستی بەلاریٚ بردنی بیرو بۆ چوونی گشتی ناوخوٚو نیونەتەوەیی لە قەێرانەکانی ناوخۆیی ولە کۆتاییدا سەرکوتی بیٚ رەحمانە، ئاگری شەری دەرەوەی هەلّگیرساند،

←



"ئەگەر کۆمۆن سەرکوت بکریٚ . لەم حالّەدا خەباتی کینەیی دەگوازیتە کاتێکی تر . بنەماکانی کۆمۆن هەمیشەیی دەبیٚ و سەرکوت ناکرێن . ئەوان بەردەوام خۆیان بەرەوپێش دەبەن تاکو ئەو کاتەی چینی کرێکار رزگار بێت ."

(( کارل مارکس))

بەشی سێهەمی بەرێوەبردنی بریارەکانی سەدەی ناوەراست لەم سەدەیەدا
لاپەرەی ٢
گەورە قوربانیانی سیستەمی سەرمایەداری هێشتا مندالاٚنن
لاپەرەی ٥
یان سەرکەوتن، یان نەمان
لاپەرەی ٦
ووشەی سیاسی
لاپەرەی ٧

**کار، خانوو، ئازادی، کۆماری فیدراتیوی شوورایی!**

بەشێك لە كۆمەڵانی خەڵك كە تووشی گومان بوون بەدروشمی دیفاع لە خاك و وڵات كردە گوشتی دەمی تۆپ وبەكردەوە لە بەرامبەر جوولانەوەی شۆڕشگێرانە بۆلای خۆی ڕایان كێشا.

بە لە خزمەت گرتنی هەموو ئیمكاناتی ماڵی وتەكنیكی و سەرمایەكانی میللی بۆ شەڕی ناڕەوا و بە بیانوی شەڕ ودیفاع لە شۆڕش، وڵات وئیسلام پەردە بە سەر قەیرانەكانی ناوخۆ كێشراو وهەرجۆرە نارەزایی وجوولانەوە یكیان بە ئاگر و گوللە وەڵام داوە.

سیناریوی سەركوت لەیەكەم ڕۆژەكانی دوای ڕاپەرین دوای ڕاپەرین نووسرا بوو و دژایەتی دوو هێزی كینەی شۆڕشگێرانە ودژی شۆڕش بەدەس پێ كردنی شەڕ وماوەیەكی كورت بە دوای ئەو واتە لە ٣٠ جۆزەردانی ساڵی ١٩٦٠ گەیشتە ئاستی تەقینەوە. بۆ جارێكی تر سەركەوت ودیكتاتوری بە كەڵك وەرگرتن لە هەلی زێرینی بەدەست هاتوو كە سەرچاوەی ئەو بوونی دوو بەرەكی لە نێوان كۆمەڵانی خەڵكی ژێر ستەم وكەم و كۆری لە بەرنامەی هێزەكانی شۆڕشگێر و دامەزراوەكانی خەڵكی وسەرنجی بیرو بۆچوونی گشتی ناوخۆیی ونیو نەتەوەیی بۆ لای بەرەكانی شەڕ و كەمتەر خەمی بیر و ڕای گشتی لە قەیرانەكانی ناوخۆیی بوو، توانی بەیارمەتی تیئوریسیەنەكانی ناوخۆ ودەرەوەی حكومەت وپیلانگێرانی دەرەوەی هاوپەیمانی، بەرنامەكانی خۆی بە مەبەستی سەركوتی جوولانەوەی شۆڕشگێرانە جێ بەجێ بكات.لاوكراوەكان، دامەزراوە دیموكراتیكەكان، ڕێكخراوەكانی خەباتگێر وشۆڕشگێر، جوولانەوەی خەڵكانی ژێر ستەم وجوولانەوەكانی دیموكراتیكی خەڵكی بەتووندی سەركوت كران. هەرچەند جوو لانەوەی كۆمەڵانی خەڵكی كە لە ڕێبەندانی ٥٧ دەستی پێ كرد بوو لە ٣٠ جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٠ و بە بەرگری پڕ لە شانازی كۆمەڵانی خەڵك لە دەسكەوتەكانی ڕاپەرینی ٥٧ سەركوت بوو وشاهیدی ئەم ئیدعایە دەیان هەزار ئیعدامی وگیراو بوو، بەڵام ٣٠ جۆزەردان لەم بوارە خاڵێكی گرینگە لە مێژووی خەباتی كۆمەڵانی خەڵكی چەوساوە كە لەروتی ئەم ڕاپەرینە سنوورەكانی شۆڕش ودژی شۆڕش دیاری كرا و كۆمەڵانی خەڵك باوەڕیان هێنا بە هێزی كینەیی شۆڕشگێرانەی خۆیان بۆ بە ئەنجام گەیاندنی شۆڕشی داهاتوو. پەردەكانی گومان لابرا و ئیستا خەڵكە كە بە پاشكەوتێكی لە ئەزموونەكانی پڕ بایەخی خەباتی خویناوی خۆیان لە مەودای ڕێبەندانی ٥٧ تاكو ٣٠ جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٠ و تاكو ئەم كاتە دا خۆیان بۆ شەڕی چارەنووسی كۆتایی ڕێك دەخەن.

سیا مك

**ڕاستی ئەمەیە كە خەڵك چاویان بەرەو خەباتێكی نوێ كردووتەوە و ئەم نێ گەیشتن و وشیاریەی كە دەستی پێ كردووە ئەمەی دەسەڵمێنێ كە ئەو هێزانەی ڕێژیمی پاشایەتیان ڕووخاند ، هێشتا زیندوون و دەتوانن بۆ وە دی هێنانی ئامانج و داخوازیە پیشێل كراوەكانیان ، ڕێژیمی كۆماری ئیسلامیش بڕووخێنن .**

## بەشی سێهەمی بەڕیوەبردنی بڕیارەكانی سەدەی ناوەڕاست لەم سەدەیەدا:

ب: شەڕی دواكەوتووانەی ڕژێمەكانی ئێران و عێراق.

ناردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ دەرەوە و پەرە پێدانی ئایدولوژی ئیسلامی دروشمی سەرەكی سیاسەتی دەرەوەی ڕژێمی كۆماری ئیسلامی بوو. ولە جوولانەوەكانی ئیسلامی بەتایبەت گرووپەكانی ئیسلامی شیعە لە ناوچەكانی موسلمان نشین پشتیوانی كرد. لەم ڕێگایە بە مەبەستی پەرە پێدان و گەورەكردنی دەسەڵاتی ئیسلامی لە دەرەوەی سنوورەكانی تێ دەكۆشی. دروشمی ناردنی شۆڕشی ئیسلامی و حكومەتی جیهانی ئیسلام بە دەست پێ كردنی شەڕ لە نێوان ڕژێمەكانی عێراق و ئێران لە خەرمانانی ١٣٥٩ چووە قۆناغێكی تازەوە. بە دانی دروشمی ڕێگای قود س لە كەربلا تێ پەڕ دەبێ، خەڵكی تووشی شەڕێكی گەورە كرد كە خوازیاری نەبوون و بە پروپاگەندی مەزهەبی ئاگری شەڕی خۆشتر دەكرد و شۆڕش لە هێڵی ئەسڵی خۆی بەلاڕێ برد. سەركردە و تیئوریسیەنەكانی ڕێژیم بە یارمەتی پیلانگرانی دەرەوە بەرنامەكانی خۆی بە شێوەی خوارەوە بەڕیوە برد.

١. ڕێكخستن و كۆكردنی هێزەكانی سەركوت كەر.

لە ڕاپەرینی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ ماشینی شەڕكەری دەوڵەتی زەبرێكی گەورەی لێ كەوتەبوو و وورەی جەنگی و ڕێكخستنی خۆی لە دەست دابوو. ڕێژیم بۆ ڕاگرتن و پاراستنی ماشینی جەنگی كۆن، ئورگانەكانی نیزامی نوێ لە گەڵ فێركردنی ئایدولوژیكی ئیسلامی پێك هێنا بە كۆبوونی كۆمیتەكان لە كۆمیتەی شۆڕشی ئیسلامی و لە كۆتاییدا لە هێزەكانی ئنتیزامی و پێك هێنانی سووپای پاسدارانی شۆڕش ئیسلامی و لەگەڵ ڕێنوێنی ئایدولۆژی ئیسلامی پەرەی بە دەسەڵاتی نیزامی خۆیدا.

٢. سەرکوت کردنی بلاوکراوە و ئازادیەکانی سیاسی.

رێژیم بە زانیاری ورد لە دروشمی ئیستعماری، ناکۆکی نانەوە و حکومەت کردن، سانسۆری توندی بە سەر بلاوکراوە و راگەیاندنە گشتیەکان داسەپاند و بە زانیاری درۆ و هەڵە و هاندەرانە ناکۆکی و جیایی لە نێو خەڵك پەرە پێدا. لەگەڵ رێك خستنی گروپەکانی میلیشیای سەرکوت کەر بەناو حیزبولڵا هێرشی بردە سەر بلاوکراوەکان و ئازادی خوازان. دەزگای راگەیاندن و بلاوکراوەکانی داخست و ئازادی خوازانی سەرکوت و رۆشنبیرانی خانەنشین و یان راونا، بلاوکراوەکانی رێکخراوە شۆرشگێر و دیموکراتەکانی نا ئاسایی و هەرەشەی کوشتنی لە ئەندامانی چالاکی ئەوان دەکرد. رادیوو تەلەفزیون و رۆژنامە و بلاوکراوەکانی خستە ژێر کۆنترۆلی ستادی فەرماندە یی شەر و پارازیتی خستە سەر شەپۆلی رادیوەکان.

٣. هێرش بۆ سەر دامەزراوەکانی دیموکراتیکی رێکخراوە شۆرشگێرەکان.

هاوکات لەگەڵ دەس پێکردنی شەر شووراکان، ئەنجومەنەکان، بنکەکانی شۆرشگێر و دیموکرات کەوتنە بەر هێرش وئەندامانی هێزەکانی کۆمونیستی شۆرشگێر و دیموکرات زیندانی و ئیعدام کران. بزووتنەوەی دیموکراتیکی کوردستان کەوتە بەر هێرشی بێ بەزەیانە و سەرکوت کرا. ماڵ و سامانیان بە تالان چوو رۆڵەکانی گەلی کورد بە دەستەکانی ئیعدام سپاردران و شار و لادێکان وێران کران بەراگەیاندنی کوردستان وەك ناوچەی شەر پێگەکانی رێکخراوەکانی چەپی شۆرشگێر و دیموکرات کەوتە بەر هێرش و پێگەی گرینگی بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی خەڵکی ئێران سەرکوت کرا.بە توند بوونی هێرشی سەرکوت لە ساڵی ١٣٦٠ بۆ سەر رێکخراوی موجاهیدینی خەڵك دەورێکی تازە لە سەرکوت دەستی پێ کرد و بە هێنانی هێزەکانی نیزامی و ئنتیزامی بۆ شەقامەکان و بە کەڵك وەر گرتن لە حیزبولڵا و گرتنی خەباتگێران و موجاهیدین دیکتاتۆری مەزهەبیی دامەزراند. هەروەها بە ئیعدام و کوشتاری زیندانییەکان گەش و هەوای ترس و تۆقاندنی خستە ناو کۆمەڵگا. رێژیم لە پشت پەردەی شەری دواکەوتووانەی توانی جوولانەوەی دیموکراتیکی خەڵك و رەوتەکانی شۆرشگێر بە توندی سەرکوت و هێزی رێکخستنی ئەوان تێك بدات و جوولانەوەی کۆمەلانی خەڵکی بۆ ساڵەها راوەستێنێ.

<u>بارودۆخی ئابووری</u>

پاش رووخانی دیکتاتووری شا و نەبوونی دەسەلاتی سیاسی رێك وپێك، سەفعەتە بچووك وهاوبەشە بەرهەم هێنەر ودابەش کردنەکان دەستیان دایە چالاکی وهێزی چالاکی کۆمەڵگا هاوبەش بوون لە چالاکیەکانی ئابووری وسیاسی. دوو جۆر بەرێوبەرایەتی دەوڵەتی بەرنامەی دیاریکراو، راوەستانی ئابووری کۆمەڵگای تووش قەیرانی قوول کرد.بۆ رژوازی تۆجاری کۆن پاش بەدەسەلات گەیشتنی، هێزی کردە سەر دابەش کردنی پیشکەوتوو و فرۆشگەکانی دابەش کردن وبەدەست بەسەر داگمرتنی سامان وئیمکان تەکان، دابەش کردن لە کۆمەڵگا بە دەستەوە کردن و بەدامەزراندن وهاندانی بەمەبەستی زۆرتر کردن رادەی دوکانەکان دابەش کردن بەشێوەی کۆن راسەپاند. لە گەڵ بەدەستەوە گرتنی دەسەلاتی سیاسی هەموو بازرگانی لە رێگای وەزارەتی بازرگانی وبازاری تۆجارەتی ناو خۆ و دەرەوە خستە ژێر کونترولی خۆی. بەبەرهەمەکانی ولاتانی دەرەوە بازاری ناو خۆی پر کرد وئیمکاناتی مالی بۆ جارەت ودالبین کرد وسەفعەتەکان تووش قەیرانی قوول کرد و رایان وەستان.بەدەست پێ کردنی شەری دواکەو تووی رێژیمەکانی عێراق وئێران، کارخانە و بنیاتەکانی بەرهەم هێنان و خزمەتگوزاری بۆ شەر تەرخان کراو وەك ئیمکاناتی پشتی بەرەی شەر دەرهاتن، هندێکیش بوونە ئەمبارەکانی شاردنی کەل و پەل. رێژیمی کۆماری ئیسلامی هەموو ئیمکاناتی ماددی وهێزی ولە بەردەستی سەرمایەکانی پاوانخوازی نیو نەتەوەیی و شەبەکەکانی مافیایی تۆجارەتی کەل وپەلی شەر دانا ولە لایەکی دیکەوە مافیایی مالی سەرکردەکانی رێژیم و ژنرالە کانی نیزامی لە رێگای وەرگرتنی قازانجی زۆری کرین وفرۆشتنی چەك و چۆل و تەقەمەنی پێك هات.

لە گەڵ پەرە گرتنی شەر و بۆ مبارانی ناوچە وسەنعەتی وکارخانەکانی بەرهەم هێنان وشارەکان، قەیرانی گشتی هەموو کۆمەڵگای لە بەرگرت وسەنعەتەکانی نەوت وگاز وبەتروشیمی و ماشین سازیو .... خەسارەتێکی گەورەی بینی وزۆربەیان خەتی بەرهەم دەرچوون. کشت وکاڵیش تووش گرفتی مالی و کود وئامرازی کشت وکاڵ بوو، لە ناو چوونی شەبەکەکانی ئاودێری و جۆگەکێش و نەبوونی کونترول وگەیاندنی ئاو وناردنی هێزەکانی چالاکی ئەم بەشە بەرەکانی شەر، کشت وکاڵی تووش راوەستان کرد. وتەنانەت کارخانە و کومپانیاکانی بەرهەم هێنان کە زۆر بەیان بەمەبەستی مەسرەفی وبۆ ئامانجەکانی سەرمایەی تۆ جاری دامەزرا بوون، تووشی قەیران بوون وهندێکییان داخران.

<u>رێژیم لە کۆتایی دەیەی یەکەم</u>

لە گەڵ بەردەوام بوونی شەر قەیرانی قوول لە کۆمەڵگا پەیدابوو ورێژیم لە تەنگژە کەون ئیتر لە بەسیجی ملیونی بۆ بەرەی شەر خەبەرێك نەبوو. هەواڵەکانی بەرەی شەر ناهومێد کەر بوو و خەبەر لە هەلاتنی سەربازەکان لە گورەپانی شەر دەدا. ئاوارە بوونی ملیونەهاکەس، کول بوونی شارەکان و دامەزراوەکانی سەفعەتی بەرهەمی شەر بوو. خەزانە دەوڵت چۆل بوو. لە ئاکامی گشتی نارەزایەتی خەڵکی دژی شەر بەتووندی پەرەی سەند. قبوولٚ نەکردنی بەردەوامی شەر لە لایەن بیرو بۆچوونی گشتی ناوخۆیی ونیونەتەوەی توانای شەری لە رێژیم ساندەبوو. لەگەڵ پەرەسەندنی دژایەتیەکانی هەیئەی دەسەلاتدار، سەرئەنجام رێژیم بە قبوول کردنی بریارنامەی ٥٩٨ رێکخراوی نەتەوەیکگرتووەکانی جامی زەهری خوارد.رێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ بەریچوبردنی بەرنامەکانی بارودۆخی نە شەر ونە ئاشتی راگرت تاکو خۆی لە گەڵ هەل ومەرجی نوێ وبەشێوەی خوارەوەرێك نجات.

←

١- تێکەڵاوی و کۆکردنی ناوەندەکانی دەسەلاَت وریکخستنی ئەوان.

٢- سیاسەتی دەرەوە ودروشمی تەبلیغی ناردنی شۆرش

٣- نوژەن کردنی ئابووری وپەیوەندی لە گەڵ ولاتانی سەرمایە داری رۆژ ئاوا.

٤- بەرگری لە جوولانەوەی گشتی وسەرکوتی ئەوان.

٢- تێکەڵاوی و کۆکردنی ناوەندەکانی دەسەلاَت وریکخستنی ئەوان.

زۆر بوونی ناوەندەکانی بریاردەر یەکیچك لە گرفتەکانی سەرەکی رێژیم بوو پیوستی بە کۆکردن وریچکخستنی بوو بتوانی هێزەکانی جیگای متمانەی خۆی بە دامەزراندن لە ناوەندێکی فەرماندەیی نجات و ئورکانەکانی تریش نجاتە کونترۆلی ئەم دەزگایە هێزەکانی نیزامی نجاتە ژێر کونترۆلی فەرماندەیی راستەو خۆی. سەرکردەکانی رێژیم بەگشتی ئوتوریتەی خومەینیان قبوول کرد و بەبوونی کۆ کردنی دەسەلاچت وریکخستنی سیستەمی دەوڵەت تووش گرفتی جید دەبوو. لە سەر قاوە رێبەری رێژیم بەرواڵەت دەمویست،بریازەکانی ناسراوی جیهانی لە سیاسەتی نیو نەتەوەیی جیێ بەجیێ بکات. پاشان ئوتوریتەی مەزهەی داسەپێنێ وبکات یاسا. لەم حالە دا رێژیم پێوستی بووبە هەڵسەنگاندن وئاڵ و گۆری یاسای ئەساس، بەشیوەێك کە سەررەوەی ێ گۆرەی ئەسلی وشوینی بنیاتەکانی نوێ دیاری بکرێ و ئەوانەی پێوست نین لایرن. ئەم ئاڵ وگۆرانەبەبێ ئوتوریتەی خومەینی جیێ بەجیێ نەدەکران ورێژیم دەبوایە ئەم ئاڵ و گورانەی لە کاتی ژیانی فومەینی جیێ بەجیێ بکردەبا.شوورای پیدا چوونەوەی یاسالی ئەساس بۆ جیێ بەجیێ کردن ئەم ئاڵ وگورانە پیك هات ولەیەکەم قۆناغ راسەرەوەی سێ گۆشەی ئەسلی واتە وەلایەتی قیح دەسەلاَت وبەرپرسایەتی ئەو دیاری کرا، وفەماندەی گشتی هێزەکانی چەکدارو لابردن ودانانی فەرماندەکانی سەرەوەی ئەم هێزانە لە ئەستووی وەلی فەقیع دانرا.

بەلەبەر چاوگرتنی دژایەتی تیەکانی پیاوە ئاسینینەکان و بۆ چوونەکانی جۆراجۆر لە ئایدولوجی ئیسلامی لە سەرئەساس نەێنەرایەتی نویژەکانی بورژوازی، بۆ چارەسەری ناکوکیەکانی داهاتوو، هەڵبژاردنی وەلی فەقیح لە ئەستووی مەجلیس خوبرەکانی رێبەری دانرا. لە شوورای پێداچوونەوەی یاسای ئەساس، شوورای پاراستنی یاسای ئەساس وەك خۆی ماوە وبەدەسەلاَتی ئەوزیادکرا. نوێنەرانی مەجلیس خوبرەگان لە نێوان پیاوانی ئایینی (ئیسلام) وخاوەن بەلگە نامەی مەکتەب خانە ئاینیەکان وکفالەتی دوو کەس لە فەقیحە گەورەکان ولەکۆتایییدا پێداچوونەوە پەسەندکردنی ئەوان لە لایەن شوورای پاراستنی یاسای ئەساس ولە ژێر چاوەدێری وەلی فەقیح جیێ بەجیێ دەکرێ. پاش راگەیاندنی ناوی کاندیداکان، هەڵبژاردن دەکرێ ولەم نێوانەدا ٧٥ کەس وەك نوێنەر هەڵبژ درن، وئەرکی ئەسلی ئەو هەڵبژاردنی رێبەر (وەلی فەقیع) لە نێوان پیاوانی ئایینی پلە بەرزی رێژیم.

حکومەتی ئیسلامی بویاسای کردنی سیستەمی خۆی پێوستی بە هێزی جیێ بەجیێ کردنی رێکخراو وناسارو وفەرمان بەربوو. لە بەرێو بەرایەتی جیێ بەجیێ کردن پلەی لە رۆوك وەزیرانمان لابردو سەرۆك کۆماریان راستەوخۆ وەك بەرزترین ئورگانی جیێ بەجیێ کردن دانا. ولە رێگای پێك هاتن وبەپەسەند کردنی شوورای پاراستنی یاسای ئەساس خرابەر هەڵبژاردنی گشتی بە قبوول وپە سەندکردنی وەلی فەقیح، سەرۆك کۆمار بەرێوبەری هیچزی جیێ بەجیێ کردن بەدەستەوە بگرێ.

سەرەرای دژایەتیەکانی ناوخۆی رێژیم وسیاسەتی دولایەنە، ئورگانی بەهێز بۆ چارەسەری گرفتەکان پێوست بوو. هەر بۆیە شوورای بریاردەری بەرژەوەندی نیزام (دەسەلاَت) لە ژێرچاوەدێری رێبەری پێك هات.

١-درۆشمی تەبلیغی ناردنی شۆرشی ئیسلامی دەرەوە.

دروشمی ناردنی شۆرشی ئیسلامی بۆ بەلارێ بردنی بزووتنەوەی ناوخۆی وخەون وخەیالی خەلیفەگەری هەموو جیهانی ئیسلام و ئاژاوە خستن لە ناو خۆی ولاَتانی دراوسێ بەتایبەت ولاَتانی موسڵمان دارشترا. ناوەرۆکی هێرش خوازانەی رێژیم بشی داگرتن لە سەر بەردەوام بوونی شەری دواکەوتووانە ئاشکرا بوو، لە گەڵ شکست بەدەم باچوو. لە سەر ئەساسی بارودۆخی نوێ. رێژیم دوو بەرنامەی بۆ خۆی دارشت.

ئەلف- بەهێز کردن وپێك هێنانی رێکخراوەکانی مەزهەبی لە ولاَتانی موسڵمان لە گەڵ بەهێز کردن ویارمەتی ماددی ومەعنەوی بەرێکخراو ئەحزابی ئیسلامی بە تایبەت مەزهەبی شیعە، بوونی خۆی لە ولاَتانی ئیسلامی نیشان دا، وبەهۆی ئەوان بەرنامەکانی خۆی جیێ بەجیێ دەکرد.

ـ. دانی یارمەتیەکان وئیمکانات بەگرۆپەکانی بەرهە لە ستکار لە ولاَتانی جۆراوجۆر. رێژیم بۆ رخنە وسیخوری وئاژاوەکانی ناوخۆی وبۆ نائارامی خستنەوە بەدروشمی دیفاع لە بێ بەشان وبزووتنەوەکانی رزگاری دەر، رێکخراو وئەحزابەکان بەبۆ چوونی جۆراوجۆری خستنە ژێر چەتری پشتوانی خۆی. بەئیمکاناتی مالی ونیزامی وفێرکردنی نیزامی لە ناو خۆی ولاَت، ئەوانی بەهێز کرد، تاکو ولاَتانی تر نائارام ودەسەلاَتی ناوەندی ئەوان لاوازبکات.

( بەشی چوارەم لە ژمارەی داهاتوو)



## گەورە قوربانیانی سیستەمی سەرمایە داری هێشتا منداڵانن

لە مانگەکانی رابردوودا رێکخراوی جیهانی تەندروستی راپۆرتێکی سامناك لە بارودۆخی زۆر نالە باری منداڵان لە سەرانسەری جیهان بلاوکردەوە. لەم راپۆرتەدا کە تەنیا بەشێك لە راستیە کان دەرکەوتوون. هەر ساڵ یانزە ملیون منداڵ بەهۆی نەخوشی جوراوجۆری خواردن ویان کەم خۆراکی گیانی خۆیان لە دەست دەدەن. نزیك بە ٥ ملیون منداڵ لەگەڵ پێداویستیەکانی سەرەتایی دەرمانی و بە لانی کەمی خواردن وتەنانەت لە رێگای شیری دایك دەتوانن لە مردن رزگار بن. نزیك لە ٧٠٪ لە سەدیان لەو ولاتانەی لە حاڵی پەرەسەندن بەهۆی ذات الرية، زگ چوون– مالاریا کەم خوراکی ویان تێکەڵاویك لەم نەخۆشیانە دەمرن لە زۆربەی ئەو ولاتانە لە ٢٠٪ی منداڵان پێش لە تەمەنی ٥ ساڵان دەمرن وئەوانەی زیندویش دەمێنن بەجۆرێك تووشی کەم خۆراکی دەبن کەبەرادەی سروشتی گەورە نابن ولە ئاکامدا لە تووش هاتنی نەخۆشی‌کان رزگار نابن، رێکخراوی جیهانی تەندروستی کە لە گەڵ کۆمیسیونی منداڵانی رێکخراوی (Unicef) لە پێوەندی نزیك دایە. بریاریان دا لە چوارچێوەی Imel (رێکخراوی هاوبەش بۆ پاراستنی منداڵان) هاریکاری هاوبەش بۆ چاك کردنی وەزعی ئەو منداڵانە، پێك بێنین.

ئەم هاوکاریانە چەند خاڵێکی بریتین لە باش کردن وخاوێنی شوێنەکانیان و پەروەردەکردنی کادێری پزیشکی وفێرکردنی بنەماڵەکان لە بواری ئاکامەکانی نەخۆشیەکان کە سەر چاوەی لە دواکەوتن ونا شارەزا بوونی ئەوان دایە.

زات الريە (نەخۆشی هەناو) لە هۆکارە سەرکیەکانی مردنی منداڵانە. لە ساڵ دا نزیك ٢ ملیون منداڵ بەهۆی ئەم نەخۆشیەوە دەمرن . وئەمە لە حاڵێکدایە کە بە پێداویستیە سەرتایەکانی دەرمانی وەك ئانتی بیوتیك دەتوانرێت بە شێك لەم منداڵانە لە مەرگ رزگاریان بێت.

هەروەها کە وترا زیاتر لە ٥٠٪ لە سەدی مەرگ ومردنی منداڵان نە تەنیا لە کەم خۆراکی یا بێ خۆراکی بەڵکو لە خواردنی نەگونجاوە لە گەڵ لەشی مرۆڤ .

لەسەر ئەساسی سەرژمێری رێکخراوی جیهانی تەندروستی دەبێ هەموو منداڵانی کە لە ولاتانی هەژار وەك. تایلەند پاکیستان، هیند بەنگلادش الیوت ولەم دوایانە ولاتانی رۆژهەلاتی رابردوو بەتایبەتی رووسیا کە بە هۆی کاری تاقەت پروکێن ویان بە هۆیەکانی تر وەك دەست کورتی بنە ماڵەکان لە بە خێو کردنی منداڵەکانیان لە گەڵ مردن بەرەورو دەبنەوە زیاد بکرێ رێکخراوی تەندروستی جیهانی ناتوانێت لە راپۆرتی خۆی دا بلێت کە باوك ودایکانی هیندی بۆ رزگار کردنی ژیانی منداڵە کانیان مەجبوور دەبن کە ئەندامێکی لەشی منداڵکانیان بفروشن بە سەرمایە دارانی ئەمریکی.

ئەمریکا وبریتانیا وسوێد گەورەترین کریاری ئەندامانی لەشی منداڵانی هیندی بوون کە بۆ پێوەندکردن بە منداڵی سەرمایەدارەکانی ئەم ولاتانە لە هیند دەکردرێن سەدان دەلاڵ لەم رێگایەدا خۆیان بەرێوە دەبەن .لەسەر ئەم سەر ژمێریانە دەبێ ملیونەها منداڵی عێراقی بێ زیاد بکەین کە بەهۆی بۆردمانی ئەمریکیەکان کۆژراون یان بوهەمیشە کەم ئەندام بوون یان هەر لە دایك بوونەوە کەم ئەندام بوون وهەروەها دەتوانیرێت ئەم بەشە درێژەی پێ بدەین

بەلام تەنیا بەم چەند دێرە ناوەرۆکی جینایەتەکانی سەرمایەداری سەبارەت بە منداڵان و بنەماڵەکانی زەحمەتکێشان لە سەرانسەری جیهان دەر دەخات ئەم جینایەتانە وەك هەموو جینایەتەکانی تری سەرمایەداری سەر شۆرێکی لە داوێنی بۆرژوازی وکۆمەڵگای جینایەتیە . بێ ئاڵ وگۆری بنەرەتی ئەم کۆمەڵگانە رزگاری ئەم منداڵانە سەر ناگرێ.

خسرو

" لەم چەند ساڵەدا دەسەلاتی سەرمایە ماسکێکی تازەی بە سەر داپۆشیوە و رووی جنایەتکارانەی خۆی شاردوتەوە ، ئەم جارە سەرمایە بە بێ لە بەر چاو گرتنی رەگەز و رەنگی پێست بایەخی مرۆڤەکانی پێکاوە و لە ناو دەبات . ناوی تازەی نیئولیبرالیزم کاول کاری مێژوویی بۆ لە ناو بردنی ئاسایش و ئارامی ، بۆ پەرەپێدانی چارەرەشیە . شەری جیهانی نوێ دەستی پێ کردووە و ئەم جارە بە دژی هەموو مرۆڤایەتی وەك هەمو و شەرەکانی جیهانی ئەم جارەیش بە دوای دابەش کردنی سەر لە نوێی جیهانی بە ناوی جیهانی بوون ( Globalism). شەریکیان داسەپاندووە کە تەنیا لە ناو دەبات و لە بیر دەکات . ئەم شەرە جیهانیە تەنیا دەبیتە هوێ کۆ بوونی زۆرتری دەسەلات لە دەسەلات و چارەرەشی لە چارەرەشیدا ".

( بەیاننامەی زاپاتیستەکان بۆ خەڵکی جیهان )

## سیاسەتی لیستە دانانی یەکیەتی ئۆرۆپا بە توونڈی مەحکوم دەکێن.

لە م دوایانەدا یەکیەتی ئەروپا لە دانیشتنێك لە بروکسل ،وەك مۆرەیێك لە بەر دەستی ئیمپریالزمی ئەمریکا دەستی دایە سازکردنی لیستێك بە ناوی رەوتە کانی تیرووریستی . لەم لیستەدا جگە لە رێکخراوەکانی جوراو جور لە دنیا دا . و لە رێکخراوی مۆجاهدین خەڵکی ئیرانیش ناو براوە ، ئێمە سەرە رای ناکۆکی تایبەتی ودیاری کراو لە کەڵ بەرنامە و کردەوەکانی رێکخراوی موجاهدینی خەڵقی ئێران ، ئەم هەنگاوەی یەکیەتی ئۆرووپا مەحکوم دەکەین وگومانێکمان نیە کە ئەم چەشنە لیست رێکخستنانە بۆ سنوردارکردنی تیرۆریسم و تیرۆریستە واقیعییەکانە کە ئیمپریالیزمیئەمریکا ویەکیەتی ئۆرووپا بەردەوام لەبارەی کردەوەی جینایەتکارانەیان بیدەنگ بوون ،بەڵکو ئامرازێکە بۆمعامەلە کردنی پت پەردەی ئابووری وسیاسی لەگەل حکوومەتە دوواکەوتووەکان وەك کوماری ئیسلامیوە کۆسپ خستنەسەر رێگای ئازادی چالاکی هێزە کانی ئۆپۆزسیۆن. بلام کی یە کە نەزانێت کۆمارئێسلامی ئەم رێژیمە دواکەوتوو وجینایەتکارە لەمولاتە ئۆرووپاییانە تاکو ئیستا دەیان جار دەستی داوەتە تیرۆری تێکۆشەرانی رێکحراوە سیاسی وکەسا یەتیە کانی دژ بە خۆیان و چەندین جار لە ئاکامی سات وسەوداکانی ئابووری پشتی پەردە تیرۆریستەگیراوەکانی خۆیان ئازاد کردووە .ئاشکرایە کە ئەم چەشنە هەلوێستەی یەکیەتی ئۆرووپا لەپێکهاتن لە گەڵ کوماری ئیسلامی ئێران دا بووەو ئێمە بەتوندی مەحکوومی دەکەین

هەیئەتی سیاسی
رێکخراوی یەکیەتی فیدائیانی کۆمۆنیست
٢١ ی گوڵانی ١٣٨١

## یان سەرکەوتن، یان نەمان

دەوری دووهەمی بزووتنەوەی راپەریۆی خەڵکی فەلەستین بە دوای هان دانی ئاریل شارۆن کۆنە جەلادی خەڵکی فەلەستین و هێرشی چەکدارانەی ئەو بۆ سەر مزگەوتی مۆسڵمانەکان بۆ ئۆرشەلیم دەستی پێ کرد. شارۆن کە خۆی ئاخرین مورەی هێزەکانی دەستی راستی ئیسرائیل بۆ بەربەست کردنەوەی وت و وێژەکانی ئاشتی و بە تالاَن بردنی دەست کەوتەکانی چەندەها ساڵ وت و وێژی ئاشتیە، و لە هەل و مەرجێك دا خۆی خستە جەرگەی هێزی سیاسی کە هەموو بۆچوونەکانی بە هێزی ئیسرائیلی لە گەڵ ئەم راستیە بەرەو روو بوون کە ئاشتی لە گەڵ فەلەستین بیَ دانەوەی ئۆرشەلیم و بە رەسمی ناسینی مافی پەنابەرانی فەلەستین بە مەبەستی گەرانەوە بۆ ولاَتەکەیان ئیمکانی نییە؟

ئەم داخوازە رەواکانی نوێنەرانی فەلەستین کۆلەکەی دەسەلاَتی سەهیونیستی دا دژایەتی هەبوو باراك، سەرۆك وەزیری کاتی ئیسرائیل و سەرۆکی حیزبی کاری ئەم ولاَتە نە ئەوندە پێگەی کۆمەلاَیەتی بوو کە بتوانیت بە بیَ رەحم و بەزەیی بۆ کۆشتاری مندالاَن و گەورەکانی فەلەستینی بکات و نە لە بارودۆخی خۆی چاوی لە ئاشتی لە گەڵ فەلەستین دەکرد کە حازر بیێت مافەکانی بلێین پیَ دراوی خەڵکی فەلەستین لە رێگای وت و وێژ بە رەسمی بناسیێت.ئەوە بوو کە دوای یەك دەورە هەم لە نالَ لیَ دان و هەم لە بزمار ناتوانیَ خۆی بۆ دابین کردنی ئاشتی کە خەڵکی ئیسرائیل یەك جار دوای شەری کەنداو دەنگیان پیَ دابوو پێشان بدات و لە کایەی هەلبژاردنی ساڵی رابردوو خۆی دوور خستەوە، رەقیبی ئەو، جەلادی خەڵکی فەلەستین کە بە هۆی یارمەتیەکانی نێو نەتەوەیی رێکخراوی جیهانی یەهود کە بنیاتێکی سەهیونیستیە کە لە داگیرکردنی فەلەستین سەرمایەیان داناوە و لە رێگای کۆمپانیاکانی بیناسازیی کە بوونی دەرەکی یان نەبوو. لە لایەنی هەلبژاردنی ئاریل شارۆن یارمەتی مالَی دەرکرد بە ئەم هیوایە کە پاش شکانی بەربەرەکانی فەلەستین رێکەوتنی نیشتەجیَ کردنی جولەکە (یەهودیەکانی) توندرەو و لە سەر زەویەکانی داگیرکراو لە گەڵ ئەم کۆمپانیانە رێك یکەوێت.

رەوتی بە دەسەلاَت گەیشتنی شارۆن لە هەلَسەنگاندنی لە سەر لە نویَ پەرەسەندنی قەیرانی فەلەستین و ئیسرائیل بیَ گومان ئاشکراکردنی سیناریۆی دەولَەتی سەهیونیستی ئیسرائیل لە روو بەروو بوونەوەی لە گەڵ خەڵکی فەلەستینە .

کاتێك مەحموود دەروێش شاعیری پێشکەوتوو و بەناوبانگی خەڵکی فەلەستین لە هەلَسانگاندنی سیاسەتی ئیسرائیل لە سەرکۆتی فەلەستینیەکان نووسیویەتی: ((هەر کات ئێمە دەمانەویَ هەنگاویك بەرەو داهاتوو هەلَگەرین ئیسرائیل بە سەر کۆت و کردەوەی بیَ مافی دژی ئێمەیە و بیرهێنەری ئەوەیە کە فەلەستین هەروەها داگیرکراوە و ئێمە تەنانەت مێژوومان نییە.

کەسایەتی شارۆن نەیەك تاقانە بۆ بەربەرەکانی لە ناوچەکانی داگیرکراوی فەلەستین بەلَکو یەکێك لە نیشانەکانی ئیستراتیژیە بۆ پتەوکردنی بارودۆخی ئیسرائیل . بە داخەوە بە شێك لە چەپی ئێران و نێونەتەوەییەکانی ناتوانن لە هەلَسەنگاندنی ئیسرائیل وەك پرۆژەیەکی نوییَ ئیستعماری لە رەوالَەتی فۆرمالیستی سیستەمی حکومەتی ئیسرائیل نوقم بووە و لەگەڵ هەلَسەنگاندنی ئەم رەوالَەتانە دەگاتە ئەو ئاکامە کە ئیسرائیل تەنیا دێمۆکراسیە لە رۆژهەلاَتی ناوەڕاست. لە گەڵ ئەم لە رەوالَەت هەلَسەنگاندنە کاتیَ کە جەلادێك وەك شارۆن دەسەلاَتی دەولَەت بە دەستەوە دەگرێت ئەم بەشە لە چەپ یا بیَ دەنگ و مات دەبنو یان هەل پەرستانە بە رەخنە و هێرش بە ((سیاسەتی دەولَەت)) ویان ((بۆ چوونی دەسەلاَتدار)) وا خۆ رێك دەخەن. بەلاَم لە پشت پەردەی ئەم تەنیا دێمۆکراسیەی رۆژهەلاَتی

ناوەراست چ سیاسەتێك لە ئارادایە. ئەگەر لە ڕەواڵەت نموونەكانی ئایینی– كە چەپ دەبێ وەك پێویست خۆی لێ دوور كەوێتەوە ئایا جیاوازیێك لە نێوان پێك هێنانی وڵات لە لایەن ئۆرووپیەكانەوە لە ئەفریقای باشوور و ئۆسترالیا و ئیسرائیل بوونی هەیە. ئایا ڕاستی بێجگە لەوە یەكە كۆچ كردووانی ئۆرووپایی بە بێ لە بەر چاوگرتنی بوونی خەڵكی دانیشتووی ئەم سێ ناوچەیە لەوێ دەوڵەتیان پێك هێنا. ڕاستیەكان ئەوەن كە ئیسرائیل وەك پرۆژەی میللی یەهودی دوو پات كردنەوەی سیاسەتی نوێ ئیستعماری لە دەورانی ئیمپریالیزم بوو.

پێویستی بەرەوپێش بردنی ئەم پرۆژەیە لە بەر چاونگرتنی مافی نەتەوەیی دانیشتووانی ئەو و لە ناوبردن و بەدرۆخستنی مێژووی خەڵكی ژێر دەستە بوو. شكاندنی ئەساس و بنەرەتی كۆمەڵایەتی لە وڵاتانی گرێ دراو و موستەعمرە بەشداری كردن و هاوبەشی خەڵكی دانیشتوو لە ڕێكخستنی نوێ كۆمەڵایەتی بوو.

سەهیونیزم ئەم ئەزموونانەی لە ڕابردووی خۆی فێربووە و بە چاكی سەبارەت بەخەڵكی فەلەستین بەكاری هێنا دەوڵەتانی ئیمپریالیستی و بە تایبەتی ئیمپریالیزمی ئەمریكاش كە سیاسەتی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست لە چوار چێوەی قەیران خولقاندن و شەر بەرپاكردن دارشتبو بە باشی و ڕاستی زانیان كە بەردەوامی ماف پێ شێل كردن لە سەر خەڵكی فەلەستین ئاو لە ئاش كردنی قەیران لە ناوچەكەدا دەبێ. ئیسرائیل كە بە چەك و چولێ وەرگیراوی ئەمریكایی و لە ساڵ دا میلیاردەها دۆلار یارمەتی دەوڵەتی لە پاڵ یارمەتیەكانی شارستانی كە لە ڕێكخراوە خێریەكانی سەهیۆنیستی لە ئەمریكا. ئیمكانیاتی ماڵی بەر بلاو بۆ بەرەوپێش بردنی پرۆژەی سەركۆت فەلەستین لە بەردەست دایە لە لایەن وڵاتانی ئۆروپاییش بە هۆی ڕێكەوتنەكانی ماڵی و ئابووری تایبەت تەیار دەكرێت، بۆ وێنە ئیسرائیل تەنیا وڵاتێكە كە ئۆربی نیە و لە ڕێكەوتنەكانی گۆمركی تایبەت بۆ ناردراوەكانی بە ئۆروپا سوود وەردەگری. ئیسرائیل تەنیا وڵاتێكە ئۆروپا یەكە سەرەتای داین بوو نیە و لە حاڵی شەردا بووە لە گەڵ خەڵكی فەلەستین و هەموو كات بە ئاخرین چەكەكانی ئۆروپایی لە دەست دابووە پێوەندی تایبەتی ئیسرائیل لە گەڵ وڵاتانی ئیمپریالیستی تەنیا بە هاوكاری نیزامی و ئابووری كۆتایی نایێت. ئیسرائیل تەنانەت لە دەوری كایەكانی ئۆروپا ویان فێستیواڵەكانی فەرهەنگی و جێژنەكانی مۆسیقای ئۆرووپیش بەشدار دەبێت. ئیسرائیل تەنیا وڵاتێكە كە دەتوانێت بە پێ شێل كردنی یاساكانی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان سەبارەت بە سەرمایە داناندن لە ناوچەكانی داگیر كراو سەرچاوەی سروشتی و ژێرزەوی و هەروەها هێزی كار یا بەرهەم هێنان دانیشتوانی ناوچەكانی داگیركراو بە نرخێكی كەم بۆ ئامانجە ئابوورییەكانی خۆی كەلك وەرگرێت.

ڕەوتی ڕاپەریی وەڵامی خەڵكی فەلەستین بە ئەم بۆچوونە بە مافەكانی نەتەوایەتی خەڵكی فەلەستین بوو. ڕاپەرین نارزایەتی دربرینێك بوو بۆ ڕەوتی كە ١٠ ساڵ تەواو بە بلێنەكانی خەڵكی فەلەستین هیوادار ڕاگرتبوو بەڵام بەكردەوە بابەتی ئەساسی بۆ ئاشتی نێوان فەلەستین وئیسرائیل یان بێ چارەسەری دانا. لەوانەی بتوانین بڵێن تەنیا. ئاكامی ڕەوتی ئاشتی، پاش كشە كردنی هێزەكانی توندڕەوی ئیسلامی لە ڕەوتی خەباتی خەڵكی فەلەستین بوو بەڵام دەوڵەتی ئیسرائیل ئەو كاتە بە پێوستی زانی بۆ بەردەوامی داگیر كردنی فەلەستین بیانووی دەست كەوێت، بەهێزەكانی حەماس و حیزبوڵڵا ئیمكانی دا تا بە پرووكاسیون و هاندانی و هەروەها خۆێشی بۆ تەواوكردنی ئەم ڕەوتە ئاڵۆزە بەهێزەكانی كۆمونیستی فەلەستییەن هێرش هێنا و هەندێك لە ڕێبەرانی بەرەی خەڵكی بۆ ڕزگاری فەلەستینیان تیرور یان دەسگیر كرد.لە باروودۆخی ئەمرو جوولانەوەی ڕزگاری دەری خەڵكی فەلەستین ڕێگایەكی نیە بێجگە لەوەی كە بە دەربرین وئامادەبوونی بۆ وت و وێژ و كۆتایی هێنان لە داگیر كردنی فەلەستین هێزەكانی خۆی بۆ كێشانی شەر بەرەو ناوخۆی ئیسرائیل ئامادە بكات تەنیا پشتیوانی خەڵكی فەلەستین لەم شەرە دا هێزەكانی كۆمونیست وسوسیالیست وهەروەها هەموو ڕەوتە پێشكە وتنخوازەكان ومرۆڤ دوستەكان دەبن نە دەوڵەتەكانی دواكەوتووی ناوچەكە كە بە ڕەواڵەت بۆ فەلەستین فرمێسكی تیمساحیان دەرشت بەڵام لە ناوەڕۆك دا لەوەی كە ئەم قەیرانە بە نێزیكی دەوڵەتە دواكەوتووەكانی ناوچەكە تەواو بووە وخۆش حاڵن و نە ئیمپریالیستەكان كە خۆیان هەر یەك بە نەوعێك ئیسرائیل بەهێز دەكەن و لە درێژ خایەن لە خەباتی خەڵكی فەلەستین پشتیوانی ناكەن.

شەرارە ئێرانی

## ووشەی سیاسی

### ئیستعمار(colonisation)

ئیستعمار بریتیە لە سیا سەتی دەوڵەتانی ئیمپریالیستی كە ئاما نجی كۆیلە كردن و چەوسانەوی خەڵكانی وڵاتانی ترە ، خەڵكی وڵاتانێك كە لە بواری ئابوریەوكەم گەشەیان كردووە دەوڵەتە. ئیمپریالیستەكان بو بە هێز كردنی دەسەڵاتی خۆیان بەرگری دەكەن لە پەرە سەندنی تەكنیكی و ئابووری و فەرهەنگی ئەم وڵاتانە . هەڵبەت لە سەدەكانی ڕابردوو واتە پێش لە پێكها تنی ئیمپریالیزمیش ئیستعمار ی وڵاتان بووە بەڵام ئێمە لە لێكدانەوەی خۆمان سەرنجمان داوەتە ئیستعمار لە سەدەی بیستەم كە بە شێوەی دابەش كردنی وڵاتانی جیهان و دامەزراندنی ئیمپراتوریەكانی مۆستەعمرە یە كێك لە تایبەتمەندیەكانی دەورانی ئیمپریالیستە .مۆستعمرە بریتیە لە وڵاتێك كە سەر بە خۆیی سیا سی و ئابووری نە بیۆ بە تەواوی ولە هەموو بوارەكان سەر بە دەوڵەتی ئیمپریالیستیە .ئەم دەوڵەتە و پاوانخوازەكانی ئیمپریالیستی ئەو لە مۆستەعمرە وەك كەرەستەی خاو و هێزی كاری هەرزان ، بازاری فرۆ شتنی كاڵاكان و گورە پانی سەرمایەدانانی پڕ قازانج و هەروەها وەك پێگەكانی نیزامی و ئیستراتیژیك كەڵك وەر دەگرن .

سیستەمی مۆستعمرە یی ئیمپریالیستی چیە ؟

لە پاڵ مۆستعمرەکان ، ولاّتانی نیوە مۆستعمرە و پێوەندی دار هەیە کە لە بوارەکانی جۆراو جۆری سیا سی یان ئابووری کەم یان زیاد سەر بە دەوڵە تە کانیئیمپریالیستین .زاراوەی :سیستەمی مۆستعمرەیی ئیمپریالیزم" واتە کۆمەڵێك لە هەموو مۆستعمرەکان ، نیوە مۆستعمرەکان و ولاّتانی ژێر دەست کە لە لایان ئیمپریالیستەکان دەکەونە بەر چەوسانەوەو دەسەلاّتی ئەوان .ئەم سیستەمە لە لە قۆناغی پاوانخوازی سەرمایە داری دامەرزاوە ، لە سەرەتای سەدەی بیستەم چەند ولاّتی گەورەی ئیمپریالیستی لە گەڵ بە کار هێنانی هێزی نیزامی و دەستەکانی مۆستعمرە و لۆ ژیونەکانی بێگانە ، ولاّتانی جیهانیان لە نێوان خۆیان دابەش کرد و لەمەو بە دوا زۆر جار بۆ دابەش کردنی سەر لە نوێ جیهان و گرتنی مۆستعمرەکانی نوێ لەگەڵ یەکتر بە شەر هاتوون و سەبارەت بەم دەورانە لنین دەنوسێ"

:سەرمایەداری بووەتە سیستەمێکی جیهانی ستەمی ئیستعماری ودەسەلاّتی ماڵی بەسەر زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی جیهان لە لایەن هندێك ولاّتانی بە زاراوە پێشکەوتوو ..:

مترو پۆل– واتا ولاّتی ئیمپریالیستی خاوەن مۆستعمرە .پاوانخوازە گەورەکانی ولاّتانی متروپول بە هێزی گەورەی ماڵی و سەنعەتی خۆیان قازانجێکی زۆر لە رێگای تالاّن و چەوسانەوە لە مۆستعمرەکان بە دەست دێنن . بە هۆی هێزی کاری هەرزان ،زۆربوونی کانگەکانی سرۆشتی و هەرزانی کەرەستەی خاو ،سەرمایە دانانی متروپول لە ولاّتی مۆستعمرە قازانجی زۆر بۆ ئەوان وەدی دێنیّ.هاوکات لە گەڵ تالاّنی ئاشکرای خەڵکانی ئەم ولاّتانە و سامانی میللی ئەوان ،ولاّتی مۆستعمرە دەبێتە بەرهەم هێنانی کشت وکاڵی و مەوادی خاوی ولاّتی متروپۆل .دواکەوتنی ئابووری یەکێك لە خراپترین و قورسترین ئاکامەکانی دەسەلاّتی ئیستعماریە .پاوانخوازەکانی متروپۆل بەرگری دەکەن لە پە رەسەندنی سەنعەتەکان وبە تایبەت سەنعتەگەورەکان

و گەشە کردنی تەکنیك و هاو کات لە گەڵئەوان پەروەردەکردنی پسپۆری میللی .ئابووری هندێك لەم ولاّتانە دەکاتە ئابووری مۆنۆکولتور(یەك بەرهەمی)وەك نەوت یان نەی شەکەر یان قاوە یان مس کە تەواو سە رچاوەکەی ئەوانیش لە دەست پا وانخوازەکانی ئیمپریالیستیە .ئەم بابەتە خۆی دوایی دەبێتە هۆی کێشە و گرفتی گەورە لە سەر رێگای یەکیەتی ئابوورێکی میللی ،هاو ئاهەنگ وهەموو لایەنە .ئال ۆگۆر کردنی نا بەرانبەر تایبەمتەندی بازرگانی نێوان متروپول و مۆستعمرەیە کە یەکێکی تر لە سەرچاوەکانی سوودی زۆرە بۆ پاوانخوازەکان .ئیستعمار لە دەورانی کلاسیکی خۆی هە میشە پشتیوانی دواکەوتووترین توێژەکانی ناوچەیی بووە ، شێوەکانی دەرەبەگایەتی و پێش لە دەرەبە گایەتی هەروا را دەگرێ و بە یارمەتی ئەو ، ئابووری بەرەو دواکەوتن دەبات وزەحمەتکێشان بە هەژاری وبرسیەتی محکووم دەکرد .دواکەوتوویی ئابووری بەرهەمی تالاّن و دەسەلاّتی پاوانخوازەکانی ئیمپریالیستیو ئاکامی سیاسەتی ئیستعماری دەوڵەتانی ئیمپریالیستیە نەك بەرهەمی پێوەندیەکانی ئابووری باو لە نێوان ولاّتانی هەژار و ولاّتانی دەوڵەمەند بە شێوەیکی گشتی .خەبات دژی ئیستعمار و رووخانی سیستەمی مۆستعمرەیی ،دژی دەسەلاّتی ئیستعماری ، دژی ئەم تالاّنە و دەسەلاّتی سیاسی و ئابووری ،خەڵکانی ولاّتانی مۆستعمرە و نێوە مۆستعمرە هەستان و دەستیان دایە خەباتیکی توووند بۆ ئازادی میللی و سەر بەخۆیی ،جوولاّنەوەی سەربەخۆیی خوازی دوای شورشی مەزنی سوسیالیستی ئۆکتۆبەر چووە قۆناغێکی بە هێز ونوێ و دوای شەری دووهەمی جیهانگیر ودامەزراندنی سیستەمی جیهانی سوسیالیزم چووە قۆناغێکی بەرزتر. دامەزرانوسەقامگیری سوسیالیزم مزگێنی قۆناغی رزگاری نەتەوەکانی ژێر ستەم لە زەنجیرکۆیلەیی ئیستعماری ددەدا .شەپۆلی بە هێزی بزووتنەوەیرزگاریدەری میللی تۆماری سیستەمی جیهانی ئیستیعماری هەڵپێچا .

راپەرینەکانی پڕ خرۆشی میللی ستوونەکانی ئیمپریالیزمی هاژاند .

نووکی تیژی ئەم هێرشە جیهانیە بەرەو ئیمپریالیزمی ئەمریکا یە کە بووتە پشتیوانی ئەسا سی سیستەمی چەوسانەوەی ئیستعماری، وبووتە ژاندارمی یەکەمی نێو دەوڵەتی .

خەڵکانی ولاّتانێك کە سەر بە خۆ نیشان دەدەن بە لاّم بە کردەوەلە باری سیا سی و ئابووری سەر بە پاوانخوازەکانی دەرەوەن ،بۆ خەبات دژی ئیمپریالیزم و رێژیمەکانی دواکەوتوو ودیکتا توری هەڵدەستن .جوولاّنەوەی رزگاری دەر و سوسیالیستی و بزووتنەوەی کرێکاری ولاّتانی پێشکەوتوو سێ هۆکاری سەرەکیە لە تێکۆشانی دەورەی ئێمە .لە بەرانبەر ئەم شە پۆلە گەورەیە .

تازەترین راگەیاندراوەکانی رێکخراو لە سایتی ئینترنیتی رێکخراو وەرگرن:

www.fedayi.org

ناو نیشانی پوستی ئە لکترونیك

webmaster@fedayi.org

ناونیشانی پوستی ئە لکترونیکی کۆمیتەی کوردستان

kurdistan@fedayi.org

برووخێ رژێمی کۆماری ئیسلامی دامەزری کۆماری فیدراتیوی شوورایی